# ئەم حیزبە ئامرازو سەرمایەیەکی گرنگی مارکسیزمی هاوچەرخە
# بەڵام گرنگیەکەی لەوەدایە کە بیکەین بەئامرازی گۆڕینی کۆمەڵگا

## وتاری دەستپێکی کۆنگرە لەلایەن رێبوار ئەحمەدەوە

هاوریانی حیزبی، میوانە بەریزەکان!

لەگەل بەخیرهاتنی هەمووان بۆ ئەم کۆنگرەیە و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەمان.

من دەمەوی لە ووتاری کردنەوەی کۆنگرەدا بە کورتی قسەوباسیك بکەم لە هەمان جهەتی ئەو باسەدا کە لە بارەی خەتی مەشی سیاسی کۆنگرەوە لە بلاوکراوەی بەرەو کۆنگرەدا خستومەتە بەردەم کۆنگرە.

من پیم وایە بە گشتی ئەوانەی لەم هۆلەدا دانیشتون هاوراین لەسەر ئەوەی کە جیگاوریگای سیاسی و کۆمەلایەتی ئیستای حیزب و کارو دەوریك کە لەم چەند سالەدا وەکو حیزب کردومانەو گیراومانە، جیگای رەزایەت نیە و هەموومان تەوەقوعی لەوە بەرزترمان هەبوەو ئەو ئەولەویاتو کارانەش کە پیشترو بە دیاریکراوی لە کۆنگرەی پیشودا بۆ خۆمان دامان ناوە زۆر زیاتر بوو لەوەی کە کردومانە. لەوەش زیاتر دەتوانم بلیم لە بنەرەتەوە ئەو ئەولەویاتەی بۆ خۆمان دامان نابوو شتیك بوو لە کاتیکدا ئەوەی لەم ماوەیەدا زیاتر حیزب پیوەی خریك بوو، شتیکی تر بوو. لەم بارەیەوە بە دروست ئەم کۆنگرەیە دەبی جیگایەك بیت بۆ بەخۆدا چونەوەیەکی جدیو هەولدان بۆ گۆرینی ئەو رەیلەی کە ئیستا لەسەری قەرارمان گرتووە.

بەلام سەرباری ئەوە من دەمەوێ لەسەر ئەهمیەتی ئەم حیزبە قسە بکەم، دەمەوێ بلیم سەباری هەموو نارەزایەتیەکمان لە وەزعیەتو موقعیەتی حیزب، باسی ئەوە بکەم کە ئیمە وەکو کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمە لە عیراقدا لە ئەداتیکی حیزبی و سەرمایەیەکی زۆر گرنگی کۆمۆنیستی بەهرەمەندین. لەبەرچاوگرتنی ئەمە دەتوانی عەزمو ئیرادەیەکی گەورە بە ئیمە بدات بۆ کاری داهاتوو، هەروەها بۆ هەولی جدی لە پیناو گۆرینی رەیلی سیاسی ئیستای حیزب.

هاورییان! من فەرزم لەسەر ئەوەیە کە لە روانگەی ئیمەوە وەکو حیکمەتیستەکانی ئیستای عیراق، ئەم موقعیەتەی ئیستای حیزب جیگای رەخنەیەو بە هیچ جۆریك مایەی رەزایەت نیە. هەرچەندە رەنگە روانگەو رەخنەکانو هەلسەنگاندنەکانیشمان جیاوازی هەبیت لەگەل یەکتریو هەر یەکە لە روانگەیەوە رەخنەی هەبیت، بەلام لەوەدا هەمووان بە هاوبیر دەزانم کە ئەم وەزعو مەوقعیەتە کەسمان رازی ناکات، نەك هەر جیگای ستایش و تقدیس کردن نیە، بەلکو دەبی بە تەواوی تواناوە هەولی ئالوگۆری جدی بدەین.

ووتم ئەمە بە فەرز وەردەگرم و دواتریش لە باسەکانی دیکەماندا دەچینە سەر ئەوەی کە دەبی چی بکەینو چۆن ئەم ئالوگۆرە لە خۆماندا پیکبهینین. بەلام بۆ سوربونی زیاتر لەسەر ئەمە پیویستە بزانین ئیمە چیمان هەیەو خالی بەهیزمان کامەیە کە دەتوانین بۆ ئالوگۆرپیدان پشتی پی ببەستین.

هاورییان! ئەوەی کە ئیمە حیزبیکمان هەیە کە بە هەر کەمو کوریەکەوە بیت ئیستا لە مەیداندایە، لە مجال و مەیدانی جۆراوجۆردا هەلسورانی هەیە، لە رووی سیاسیەوە نوینەرایەتی قوتبی چەپو ئازادیخوازی کۆمەلگا دەکات، لە بەرامبەر وەزعی ئیستاو باڵە جۆراوجۆرەکانی بورژوازیدا نوینەرایەتی خەتو سونەتیکی مارکسیستی دەکات کە بەداخەوە لە جیگاکانی تری دنیادا یان نیە یان زۆر لاوازە. حیزبیك کە پەیگیرانە بەرگری لە ئازادیو یەکسانیو مافەکانی کریکارانو ژنانو خەلکی ستەمدیدە دەکات. حیزبیك کە بە ڤیرژنیکی مارکسیستی و حیکمەتیستیەوە لە کۆمۆنیزم لە مەیدان راوەستاوە. جیگای ئەوەیە کە دلی پیخۆش بکەینو بیپاریزینو هەولی بەهیزکردنو ئالوگۆرپیدانی بدەین.

ئینسان کاتیك تەماشای دنیای ئیستا دەکات، بەراستی کۆمۆنیستەکانی لە بابەتی ئیمەو ئەحزابو کۆروکۆمەلی هەتا بچوکی لە بابەتی حیزبی ئیمە، ئەگەر لە هەر جیگایەك هەبن، تاقە تروسکایەکانی نیو دنیای تاریکی ئیستان. بەلام ئەم جۆرە چرای ئومیدەی کە کۆمۆنیستەکان ئیستا لە عیراقدا هەیانە بەداخەوە لە جیگاکانی تری دنیادا نیە. حیزبیك کە لەسەر خەتیکی مارکسیستی ماکزیمالیست راوەستاوە، حیزبیك کە لانی کەم بنەمای فکریو سیاسیو عەمەلیو ریکخراوەیی ریزی سەربەخۆی چینی کریکاری بنیاتناوە، حیزبیك کە لە مجالی جۆراوجۆردا سیاسەتو پلاتفۆرمو تاکتیكو بەرنامەیەکی لینینی بەرامبەر بە کیشەو مەسەلەکانی کۆمەلگا خستوەتەروو. حیزبیك کە لە زۆر بواردا سونەتی شۆرشگیرانەی لینینیستی لە ناو دەورانیکی زۆر سەختی دنیادا نوینەرایەتی دەکات و توانیویتی ئیستمراریەتی ئەو سونەتە مسۆگەر بکات.

حیزبیکی بەم جۆرە هەرچەندە تا ئیستا نەیتوانیوە لە معادلەی قودرەتدا جیگای شیاوی خۆی پەیدا بکات و ببیتە عاملی ئالوگۆر لە کۆمەلدا، بەلام ئەوانەی کە باسم کردو خودی ئەوەی توانیویتی جیلیك لە کادرو هەلسوراوی مارکسیست و حیکمەتیست باربهینیو لە دەوری یەك کۆیانبکاتەوەو لە حیزبیکدا سازمانیانبدات و لە مەیدانی جۆراوجۆری هەلسورانی سیاسیو کۆمەلایەتیدا رایانبگریت، سەرمایەیەکی ئەوەندە گرنگە، کە هەتا ئەگەر گەلیك فرسەتیشی

لەدەست چوو‌بیت، دەتوانی ئومیدی ئەوە بدات کە دەکری خۆمان کۆبکەینەوەو خۆمان سازو ئامادەتر بکەین بۆ ئەوەی لە فرسەتەکانی دیکە کەلك وەرگرین و تەنانەت دەکری خۆمان فرسەت بۆ خۆمان بخولقینن.

دیتنی ئەوەی کە ئەو وەسیلەیەی کۆمۆنیستەکانی عیراق هەیانە لە رووی فکری, لە رووی سیاسی, لە رووی عەمەلی, لە رووی ریکخراوەیی‌و سونەتی تەحزوبەوە، لە رووی سونەتی مارکسیستیەوە، تەنانەت لە رووی هیزو نفوزی کۆمەلایەتی‌و جیگاوریگا لە مەیدانی سیاسیدا، بەوپەری قەناعەتەوە دەلیم جگە لە ئیران لەگەل هیچ جیگایەکی تری دنیای ئیستا قابیلی بەراورد نیە.

بەلام بەبێ ئەو بەراورد کردنەش لەگەل جیگاکانی تری دنیادا، بەراستی هەر ئەوەی کە ئیستا ئیمە هەمانە لە رووی نەوعیەوە کۆمەلگای عیراق لە هەموو تاریخی خۆیدا شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە. حیزبی ئیمە سەرباری هەموو کەم‌و کوریەکی بۆ یەکەمجار لەم کۆمەلگایەدا تەلیسمی نەقدیکی رادیکالی لە ناسیونالیزم‌و ئیسلام‌و دین‌و پیاوسالاری‌و کۆنەپەرستی شکاندوە. پیش ئەوەی ئیمە ئەم کارە بکەین، نەقدی خورافاتی قەومی‌و قەومپەرستی لەم جۆرەی ئیمە نەبووە، نەقدی ریشەیی‌و راشکاوو قول لە دین‌و ئیسلامی سیاسی نەك نەبووە بەلکو وەکو شتیکی خەتەرو لە کردن نەهاتوو چاوی لیکراوە، پەگژاچونەوەی پیاوساری‌و کوشتاری ژنان‌و ناموسپەرستی بەو جۆرەی ئیمە کردومانە نەك نەبووە، بەلکو پیچەوانەکەی وەکو سونەتیکی جیکەوتەو رەخنەهەلنەگر مامەلەی کراوە، ئەم تصویرو تیگەیشتنە لە مارکس‌و لە کۆمۆنیزم هیچ کات لەم ئاستەدا خۆی نەنواندوە. ئەمە شتیك نیە کە ئیمە تەنها لە ناو جیلیك لە هەلسوراوی کۆمۆنیستدا پیکمانهینابیت، بەلکو سەرجەم ئەمانە، بەدەر لەوەی بەرتەسك بیت یان بەرفراوان، بوعدیکی کۆمەلایەتیان هەیە. لەسەر ئەم دەورەی ئیمە هەموو رەوتە بورژوازیەکان دەمیان لە ئیمە کراوەتەوەو نیگەرانی‌و بیزاری خۆیان دەردەبرن‌و تەنانەت هەندیك لەمانە تا ئاستی بەرامبەرکێی سیاسی کۆمەلایەتی لەگەل ئەو رەوتە بورژوازیانە چونەپیشەوە.

دەمەوێ بلیم ئەمە سەرمایەیەکی گەورەیە بە دەست ئیمەوە، ئیمە لانی کەم لە موقعیەتیکداین کە دەتوانین ئیرادە بکەین‌و ئالوگۆریکی وەها لە خۆمان‌و حیزبەکەماندا پیکبهینین کە پێی بەرینە ناو معادەلەی قودرەتەوەو هەنگاو بە هەنگاو لە جهەت بردنە پیشی ئامانجەکانمان برۆینە پیشەوە.

بەلام دەمەوێ دوو خالی گرنگ وەکو ئەنجامگیری لەم قسانە بەم کۆنگرەیەی بڵیم:

یەکەم/ ئیمە دەبی بە هەموو توانامان ئەم حیزبە بپاریزین، پاراستنی بە هەموو مانایەك، بە مانای راگرتنی لە مەیدان، بە مانای زامنکردنی هەلسوران‌و دەورگیران‌و پەرەپیدانی، بە مانای پاراستنی یەکیتی ریزەکانی، بە مانای توکمەکردن‌و چەسپاندنی سونەتەکانی تەحزوبی کۆمۆنیستی لە ریزەکانی، بە مانای کردنی بە حیزبیکی سیاسی بەهیز. بەراستی ئەمە مهمەیەکی زۆر گرنگی ئەم کۆنگرەیەیە و دەبی بە توندی لەسەری راوەستێ‌و پیداگری لەسەر بکات. هەر جۆرە بێ تەوەجهیەك بەم مەسەلەیەو بەو لایەنانەی کە باسم کرد، خەتایەکی گەورەیەو زەربەیەکی گەورە دەدات لە یەکیك لە بەنرخترین‌و گرنگترین وەسیلەکانی کۆمۆنیزمی مارکس‌و حیکمەت لە دنیای ئەمرۆدا. ئەمەش شتیکی لە تەبریر نەهاتووە هیچ پاساویك هەلناگرێ. هەر سیاسەت‌و هەر بۆچون‌و هەر لیکدانەوەو هەلسوکەوتیك ئەمە زامن نەکات‌و پشتی تیبکات، بە بروای من بە کردەوە کۆمۆنیزم لاواز دەکات، زەربەی لیدەدات، پەرت‌و بلاوی دەکات، تەنانەت زەربەی گەورە لە کۆمەلگایەك دەدات کە پیویستی جدی بە کۆمۆنیزمیکی حیزبی‌و بەهیز هەیە. هەر بۆیە ئەو سیاسەت‌و بۆچون‌و لیکدانەوەو هەلس‌وکەوتە دەکەویتە بەرامبەر هەموو ئەمانەوە.

دووەم/ من باسم لە گرنگی ئەم حیزبە کرد وەکو وەسیلەو سەرمایەیەکی موهیمی مارکسیزمی هاوچەرخ، بەلام دەبی ئەوە رۆشن بیت، کە ئەهمیەتی ئەمە لەوەدایە کە ئیمکان بە ئیمە دەدات، ئەم وەسیلەیە لە شتیکی موهیمەوە بگۆرین بە عاملیکی تەغیر. گومان لەوەدا نیە کە ئەمەی دووەم مەسەلەی ئیمە و فەلسەفەی کۆمۆنیزمە. لەم روانگەیەوە ئەوە زۆر رۆشنە کە بە وەزعی ئیستای ئەم حیزبە موهیمەوە، بە موقعیەتی ئیستای ئەم حیزبە موهیمەوە، ناکری ئالوگۆر دروست بکەین، کەواتە دەبی لەم کۆنگرەیەدا بە مەحکەمی لەسەر ئالوگۆرپیدانی حیزب‌و چۆنیەتی بەهیزکردنی هەم پیداگری بکەین‌و هەم نەخشەی بۆ بریژین. ئیمە دەبی لە زۆر رووەوە وەزعی ئەم حیزبە بگۆرین، لە رابەریەوە تا کادرو تەشکیلات، لە سونەتی کارەوە تا حیزبیەت، لە دەخالەتگەری سیاسیەوە تا هەلسورانی عەمەلی، لە ریکخراوەی غەیرە حیزبیەوە تا راگەیاندن‌و ئامرازی دەستراگەیشتن بە کۆمەلگا.... وەزعیەتی هەمووی پیویستی جدی بە ئالوگۆر هەیە. وە لە راستیدا ئەم ئالوگۆرپیدانە بنەماو زامنی ئەصلی مسۆگەرکردنی ئەو پاریزگاریەیە لە حیزب کە لە خالی یەکەمدا باسم کرد. ئەم حیزبە بەبێ ئالوگۆر و بەبێ گۆرینی بە حیزبیکی سیاسی بەهیزو بەبێ چەقاندنی پێی لە مەیدانی سیاسەت‌و کیشمەکیشی کۆمەلگاو رۆچونی بۆ ناو معادەلەی قودرەت، بۆ دریژماوە ناکرێ پاریزگاری لیبکریت.

بانگەوازی من ئەوەیە کە با لەم کۆنگرەیەدا بە بەرچاویکی رۆشنەوە، بە هوشیاریەکی بەرزەوە، بە نەخشەیەکی وردەوەو سەرئەنجام بە عەزمیکی بەهیزەوە برۆینە پای سەرنجدانەوەیەکی هەمەلایەنەی خۆمان، بۆ سازدانەوەیەکی سەرلەنوێی حیزب وەکو حیزبیکی سیاسی یەکپارچەو مەحکەم‌و بەهیز و راوەستاو.